کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-6-2007 21:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# جووڵانەوەی ویژدان... نموونەی تاوانێکی رژێمی پێشوو ... ئەندازیار نەریمان محمد گەلاڵی

لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و لە گەرەکێکی شەعبی کەسێک بە ناوی (ل) ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە کە منیش یەکێک بووم لە دانیشتوەکان.



لە ساڵەکانی هەشتا کاتێک کە راکردوو بووم لە سەربازی، رژێم بڕیارێکی زۆر دژواری دەرکرد ئەویش کوشتن و لە ناوبردنی هەر راکردوویەک بێت کە بکەوێتە دەست هێزە جۆر بەجۆرەکانی رژێمەوە لە ئەنجامدا چەندان کەسی بێتاوانیان گوولە باران کردوو نرخی گوللەکانیشیان لە خێزانەکانیان دەسەندەوە. بۆیە لە ماڵەوە زۆریان لێکردم کە بچم بەگەڵ مەفرەزەی جیرانەکامان بکەوم بە ناوی (ع) کە ئەوکات سەر بە دائیرەی ئەمنەوە بوو. ئیتر منیان وەکو چەکدارێک لەمەفرەزەکەی خۆیاندا وەرگرتو ئەوەندەی کە زۆریان لێکردبوومایە لە گەڵیاندا دەردەچووم بۆ دانانی سەیتەو پاسەوانی.

لەوکاتانە ئەوەی زۆر حوکمەت و دام و دەزگا کانی ئیستیخباراتی رژێمی نیگەران کردبوو چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە بوون کە لە ناو جەرگەی شارەوە ئەنجام دەدران. چونکە جموجۆڵێکی دیاریان هەبوو بەبێ ئەوەی سەرەداوێکیشیان دەرکەوێت یان کەسێکیان لێ دەستگیر بکرێت. رۆژێک لیپرسراوی ئامیر مەفرەزەکامان کە عەرەبێکی خەڵکی لای شەرگات بوو زۆر بە تووڕەییەوە هاتە لامان وبە ئامیر مەفرەزەکەمان (ع) ی گوت کە پێویستە ئێستا بچینە ناو شار و بە دوای سەیارەیەکی بەرازیلیدا بگەڕێین کە دەڵێن بەهۆیەوە تەخریب دەکرێت و هیچ گرنگ نیە کە ئەو سەیارە هەوبێت یان ناکە دەیدۆزینەوە، گرنگ ئەوەیە هەر کە هەویەم لە خاوەنەکەی وەرگرت و دەستم بڵند کردو هێنامە خوارەوە یەکسەر ئێوە بە بێ وەستان دەسترێژی لێدەکەن دەیکوژن. هەروەکو بۆمان دەرکەوت دیار بوو لە لای مدیری ئەمنەوە سەرکۆنە و گەف و گوڕی لێ کرابوو کە دەبێت ئەو ئەو پێشمەرگانە بدۆزێتەوە کە بەو چالاکیانە هەڵدەستن یان شتێکی وا بنوێنێ کە چالاکیەکی ئەمنیان ئەنجام داوەو موخەربیەکانیان لەناو بردون!.

بە ناو شاردا گەڕاین، لەسەر شەستی، ریگای مەسیف، رێگای کۆیە زۆر سەیارەی بەرازیلیمان راگرت بەلام یان تەمەنیان گونجاو نەبوو یان کراس و پانتۆلیان لەبەردابوو، تاکوو لە ناوەندی جەرگەی بازارو بەرامبەر باتا بەرازیلیەکی تاکسی پەیدابوو کە شوفێرەکەی گەنجیک بوو جلی کوردی لەبەردابوو، ئیتر لێپرسراوی ئامیر مەفرەزەکە هەویەکەی لێوەرگرتوو هاتە لای ئێمە کە تەنها دە مەترێک لێیەوە دوور بووین و ووتیە (ع) ی ئامیر مەفرەزە ئامادەبە ئەمیش ئاراستەی کلانشینکۆفەکەی تێکرد لە کاتێکدا کە کابرای شوفێر نەیدەزانی مەسەلە چیە ئەو دەستی بەرزکردەووە هێنایە خوارەوە رێژنەیەک بەر کەللەی سەری کەوت و مێشکی پرژا، ئینجا بە عەدەد ئارپیجیەکەشی گوت کە ئارپیجیەکیش لە سەیارەکە بدات و سەیارەکەشکەوتە نێو ئاگرو دوکەڵەوە هەلابەهەلابوو. ئەو خەڵکە زۆرەی لەو بازاڕەبوو هەرکەسەی بە لایەکدا رایکردو کەسیش نەیزانی مەسەلەکە چیە. ئینجا بە هۆی بێتەلەوە مدیری ئەمنی لە کوشتنی موخەربیەکە!! ئاگادارکردەوەوگوتی کە تەرمەکەو سەیارەکەش لەبەردەستدان و ئەویش ئافەرین و دەستخۆشی لێکردن. لەو رووداوە هەستم بە ئازارێکی ویژدانی یەکجار گەورە کرد و نەمدەزانی چی بکەم و ئەو شەوە یەک دەقیقە نەمتوانی بخەوم. پاشی دوو رۆژ هەواڵی کوشتنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناسیاوێکی بێکەسی دووری باوکم زانرا و ووترا کە تەرمەکەی لە خەستەخانە کەوتوە!!!! کە چووینە سەری سەیرم کرد هەمان ئەو گەنجە بوو کە (ع) بە ئاماژەی مەسئولەکە گوللە بارانی کرد! هەر هەمان گەنج چەند ڕۆژێک بەر لە شەهید کردنی لەهەمان خەستەخانە عەمەلیات کرابوو بەڵام لەبەر نەداری و سەختی باری ژیانیان بەر لە یەک ڕۆژ خەستەخانەی بەجێهێشتبوو خەریکی کاسبی بوە بە تاکسیەکەی.

لەگەڵ ئەوەش کە گوللەیەکیشم نەتەقاندوەو تەنها بۆ ئەوە هاتبوومە ناویان کە لەگرتن و کوشتن دوور بکەومەوە بەڵام منیش خۆم بەتاوانبار دەزانم (هەر لەدەمی (ل) ەوە) لە کوشتنی ئەو بێتاوانە چونکە لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا بوومە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە، بەڵام (ع) هەر لە کۆنەوە جاش بوەو پیاوی ئەمن و ئیستیخبارات بووەو هەموو خەڵکیس لە گەڕەکەکە ئەوە دەزانن جا دەبێت ئەو چەند تاوانی تری هاوشێوەی ئەنجام دابێت!!.

پاش چەند ڕۆژێک لەو کارەساتە لە ڕێگەی (ع) ئاگادار کراین کە بچین خەڵاتی ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانێتیە! لە مدیری ئەمنەوە وەبگرین. من نەچووم بەڵام ئەوان هەریەکەی سەعاتێک کە وێنەی دیکتاتۆری پێوە بوو لە گەڵ بڕێک پارەیان وەرگرتبوو و هەریەکە لە (ع) و مەسئول مەفرەزەکەش دیاری تایبەتیان وەرگرتبوو. شایانی باسە ئێستا (ع) لە کۆمەڵگای (ک) دادەنیشێت وهیچ کەسێک تاکو ئێستا لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکردوەو لەوانەشە خۆی خزاندبێتە ناو یەکێک لە حیزبەکانەوە ئەگەر کەسێکی دڵسۆزو دادپەروەر هەبێت ئامادەم شایەتی لەسەر بدەم و ناوی تاوانبارە عەرەبەکەش بڵێم بەڵکو دادگا بیدۆزێتەوە.

ئەمە تەواوی ئەو بەسەرهاتە بوو کە (ل) گێرایەوەو حەزی دەکرد کە کەسێک هەبێت لەو تاوانە بکۆڵێتەوە تەنانەت ئەگەر خۆشی بەرپرسیارێتی بەربکەوێت! چونکەهەروەکو خۆی گوتی تاکوو ئێستا ویژدانی ئازاری دەدات. ئیتر منیش وا بەقەد لێپرسراوێتی بیستنی ئەو تاوانە کارەساتەکەم وەکو خۆی کردە نووسین!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.